# تەفسیری شیعر

شیعر:

**مێشی خاڵت نافڕێ، بەس باوەشێنی کە بە ناز**
**چونکە پابەندە بە شەهدی شەککەری گۆناتەوە**

-ناری-

### تەفسیری سیاحی:

خاڵت: ژووری ئوتێل
ناز: کشە
شەهد: بۆگەن
شەککەر: زبڵو پیسی
گۆنات: ڕاڕەوەکانت

### تەفسیری حزبی:

مێش: لایەنگر
خاڵت: مونافیسەکانت
باوەشێنی کە: هەڕەشەی لێ بکە
بە ناز: لە جەریدەو ئیعلاما
شەهد: پارەو پول
شەککەری گۆنات: دارایی ئیدارەی گشتییەوە

### تەفسیری ئیجتیماعی:

مێشی خاڵت: میوانی موزعیج
نافڕێ: خواحافیزی ناکات، ملی ناشکێنێ
باوەشێنی کە بە ناز: لچی لێ هەڵمەقورچێنە
پابەندە بۆ: خۆی داناوە بۆ
شەهد: بۆنو بەرامە
شەککەری گۆنات: قەڵی ناو مەنجەڵەکە

### تەفسیری ئیداری:

مێش: فەساد، گەندەڵی
خاڵت: داوو دەزگاکان
نافڕێ: عیلاج ناکرێ
بەس باوەشێنی کە بە ناز: ئەوەنە لیجنەو میجنە مەکەرە سەریان
پابەندە بە: دوو قەلبو ڕۆحێکە لەگەڵ
شەهدی شەککەری گۆنات: ڕۆحی سیستمەکەی خۆت

### تەفسیری ئاسیایی:

مێش: مەسیج
خاڵت: ئەم ئێوارە وەختەیەت
نافڕێ: ناڕوات
باوەشێنی کە بە ناز: پەنجە بنێ بەsend دا
پابەندە بە شەهدی شەککەری گۆناتەوە: تەکتیکی خۆیانە ئەیانەوێ وەحدەی زیاترت لێ بڕوات

### تەفسیری زمستانی:

مێشی خاڵت: ئەم شەوە درێژەت
نافڕێ: لێ ناڕوات
باوەشێنی کە بە ناز: ئەوەندە قەنات بگۆڕە
پابەندە بە شەهدی شەککەری گۆناتەوە: بەرنامەکان یەك لە یەك ناخۆشترن

### تەفسیری فەلەکی:

مێش: ئەستێرە
خاڵت: بەختت
نافڕێ: نادرەوشێتەوە
باوەشێنی کە بە ناز: بچۆرە لای شێخو مەلا
پابەندە بە: گیری خواردووە بە دەست
شەککەری گۆناتەوە: ئەو ئەقلە سوکەتەوە

# هەی داد هەی بێداد

**هەی داد هەی بێدادبەنزینی بێ عەداد، لەبەردەمی خانەی داد هاوار ئەکات**

ئەوەڵ مەزاد

كوا بەدوای سینەمادا دەگەڕێت -هەفتانە-

